
# بانکی ناوەندی: قەوارە سەکراوەکان تەنها داعش وقاعیدەیە ولیستەکەش ڕاست دەکرێتەوە



لیژنەی سەکردنی سامانی تیرۆریستان لە بانکی ناوەندی عێراق ڕونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، ناوی هەریەکە لە حزبوڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەنی لە لیستی تیرۆر دەرهێناوە و بڵاوکردنەوەی لیستەکە بە "هەڵە" بووە و ئەو لیستی بڵاوکراوەتەوە تەنها ڕەشنوس بوو.

لیژنەی سەکردنی سامانی تیرۆریستان لە بانکی ناوەندی عێراق پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پێنجشەممە لە ڕونکردنەوەیەکدا لەبارەی بڵاوکردنەوەی لیستی گروپە تیرۆریستییەکان لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیق باسی لەوەکردوە، "ئاماژە بە بڕیاری لیژنەی سەکردنی سامانی تیرۆریستان ژمارە 61ی ساڵی 2025 لیستێک لە ڕۆژنامەی فەرمی عێراق بڵاوکراوەتەوە، کە بڕیتی بوو لە سەکردنی پارە و سەروەت و سامانی لیستی ئەو لایەن و کەسانەی پەیوەندییان بەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە هەیە، لەوانەش داعش و قاعیدە بونیان هەیە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، بە پشتبەستن بە داواکارییەکی دەوڵەتی مالیزیا و بڕیاری بڕیارنامەی 1373ی ساڵی 2001ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەو لیستە ئاماژەی بە ژمارەیەک لایەن و قەوارە

کردبو، کە پێویندییان بە هیچ چالاکیکی تیرۆریستییەوە نییە لەگەڵ ئەو دەکخراوانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە.

ئەوەش هاتوە، "دەزامەندی لایەنی عیراقی سنوردار بو بە خستنەڕوی تەنیا قەوارە و کەسانی پێویست بە داعش و قاعیدە، هەروەها خستنەڕوی ناوی قەوارەکانی دیکە بەهەی ئەوەوە بوە کە ڕەشنوسەکە باوکراوەتەوە پێش ئەوەی پێداچونەوەی پێدا بکرێت".

ئەمش بەگەنامەی بانکی ناوندییە کدەستی موتەع کوتوو:

